# ئاسۆی روون

## ئەحمەدی شاملو

وەرگێڕانی: ناسری ئەمین نژاد



ڕۆژێک دادێ کۆترەکانمان ببینینەوە و
میهرەبانی دەستی جوانی بگرێت.
ڕۆژێک کە کەمترین سرود
ماچە و
هەر ئینسانێک
بۆ ئینسانێکیتر
برایەکە.
ڕۆژێک کە ئیتر درگای ماڵەکانیان داناخەن،
قفڵ ئەفسانەیەکە و
دڵ
بۆ ژیان بەسە.

ڕۆژێک کە مانای هەر وتەیەک خۆشەویستییە،
تا تۆ لەبەر دواین پەیڤ بە شوێن وشەدا نەگەڕێی.

ڕۆژێک کە ئاهەنگی هەر وشەیەک ژیانە،
تا من لەبەر دواین شێعر رەنجی گەران بۆ قافیەم نەبێ.
ڕۆژێک کە هەر وشەیەک گۆرانییەکە،
تا کەمترین سرود ماچ بێ.

ڕۆژێک کە تۆ بێی، بۆ هەتاهەتایە و
میهرەبانی لەگەڵ جوانی هاوتا بێ.
ڕۆژێک کە ئێمە دیسان دان بۆ کۆترەکانمان ڕۆکەین ...

من چاوەڕێی ئەو رۆژەم
تەنانەت رۆژێکیش
کە ئیتر
نەبم.